بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامـەی رەسمیی حکـومەتی هەرێمی کوردسـتانە / وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمارە (٥٨)  سالّی پێنجـەم  ٤/١٢/٢٠٠٥ز  (١٣) ی سەرماوەز ٢٧٠٥ ی کـوردی  (٣)ی ذي القعدة ١٤٢٦ ی کـۆچی

58

## لەم ژمـارەیـەدا :


- بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە ( ١ )ی سالّی ٢٠٠٥ مەرجەعیەتی سیاسی و دەستوری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق ل١
- بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە ( ٢ )ی سالّی ٢٠٠٥ درێژکردنەوەی خولی بەستنی کۆبونەوەکان تاکو ٣١/٧/٢٠٠٥ ل٣
- بەیاننامەی ژمارە ( ٦ ) ی سالّی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی کشتوکالّ و ئاودێری کردنەوەی ( هۆبەی کشتوکالّی لە ناحیەی چەمانکێ ـ پارێزگای دهۆك ). ل٤
- بەیاننامەی ژمارە ( ٧ ) ی سالّی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی کشتوکالّ و ئاودێری کردنەوەی ( هۆبەی کشتوکالّی لە هەریەك لە ناحیەکانی ( گردەسین، بجیل، دینارتە ـ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکالّی دهۆك ). ل٥
- بەیاننامەی ژمارە ( ٨ ) ی سالّی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی کشتوکالّ و ئاودێری گۆڕینی لقی کشتوکالّی زاخۆ بۆ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکالّی زاخۆ و گۆڕینی هەریەك لە هۆبەکانی کشتوکالّی ( مانگێشك ، سەرسەنگ، دێرەلوك، کانی ماسێ، بامەڕنێ، باعەدرێ، باتیفا ) بۆ لقی کشتوکالّی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکالّی دهۆك. ل٦
- بەیاننامەی ژمارە ( ٣ ) ی سالّی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی دارایی و ئابوری کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستنی پسوولەی خۆراك لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك. ل٧
- بەیاننامەی ژمارە ( ١ ) ی سالّی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی شارەوانی کردنەوەی شارەوانی گۆڕەتوو لە ناحیەی گۆڕەتوو سەر بە پارێزگای هەولێر. ل٨


www.dad4kurdistan.com
e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشـان: هـەولێر باڵەخـانەی وەزارەتی داد  بـە ( ٢٢٣١٨٢٢ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

**العـــدد (٥٨)  السـنة الخامسة  ٢٠٠٥/١٢/٤م  (١٣) سەرماوەز ٢٧٠٥ ك  (٣) ذي القعدة ١٤٢٦ هـ**

## في هذا العـدد


- قرار رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ ص٩
  **المرجعية السياسية والدستورية للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**
- قرار رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق رقم (٢) لسنة ٢٠٠٥ ص١٠
  **تمديد دورة الانعقاد لغاية ٢٠٠٥/٧/٣١**


www.dad4kurdistan.com
e.mail: waqaea@yahoo.com
البدالـه (٢٢٢١٨٢٣_٢٢٢٨٣٦_٢٢٣١٤٣٣)

بدالـة (٢٢٢١٨٢٣_٢٢٢٨٣٦_٢٢٣١٤٣٣)

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموارکراو بە ئەنجامی گەیاندووەو، بەو دەسەلاتەش کە بەپێی ماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێماندراوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرهێنا:

## بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥

**مادەی یەکەم:**

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق و لەدیاریکردنی پەیوەندی دەستووری لەگەڵ دەسەلاتەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵدا و دەبێ نوێنەرانی گەلی کوردستان لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی دا، لەکاتی خستنەرووی هەر حوکم و مادەیەك، کە پەیوەندی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندی گەلی کوردستانەوە هەبێت، لەکاتی دارشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، بگەڕێنەوە سەرپرس و رای پەرلەمانی کوردستان.

**مادەی دووەم:**

گەلی کوردستان دەستبەرداری مافە مێژووییەکان و بەدەستهێنراوەکانی نابێت کە بەپێی یاسای بەڕێوەبەردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بەدیهاتوون کە بریتین لە هەندێك لە ئارەزو و ئاواتەکانی گەلی کوردستان و پێویستە دەستووری هەمیشەیی عێراق ئەم دەستکەوتانە لەخۆ بگرێت و ئەم هەڵوێستەش لەم بنەمایانەی خوارەوە سەرهەڵ دەدات.

**یەکەم:**

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دانی ناوە بە فەرمانڕەوایی سیاسی ئێستای کوردستانی عێراق و دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و ئەرکو فەرمانەکانی لەرۆژی دامەزراندنیانەوە.

**دووەم:**

ئەو حوکمانەی لەمادده پەنجاو هەشتی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو ماددەی دەیەمینی یاسای دامەزراندنی دەستەی باڵای تایبەت بە کێشەکانی موڵکدارێتی (خاوەندەرایێتی) زەوی و زار هاتوون سەبارەت بە نەهێشتنی ئەو ستەمەی لێی کراوە بەهۆی رەفتارەکانی رژێمەکانی پێشوو بۆ گۆڕینی هەڵکەوتەی نەتەوەیی و نیشتەجێبوون و بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیەم:**

لیژنەیەكی كاتی لە ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیـشتمانی كوردسـتان پێك بێت بـۆ بەدواداچـوونی جێبەجێكردنی ماددەی (٥٨) پەنجاو هەشتی یاسای بەڕێوەبەردنی دەوڵەتی عێـراق بـۆ قۆنـاغی گواستنەوە، سەبارەت بە كەركوك و ناوچەكانی دیكەی كوردستان.

**ماددەی چوارەم:**

دەبێ لایەنە پەیوەندارەكان حوكمەكانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوەو لە رۆژی دەركردنیەوە جێبـەجێ دەكرێت.

**مسعود بـارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی مادده (٥٦)و مـادده (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی (١٩٩٢) هەموارکراو لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق کە خستبوویانە روو، ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٥/٧/٥) ئەو بڕیارەی خوارەوەی دا:

## بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٥

**یەکەم**: خولی ئێستای بەستنی کۆبوونەوەکانی تا ٢٠٠٥/٧/٣١ درێژ دەکرێتەوە.

**دووەم**: ئەم بڕیارە لە رۆژی ئیقرارکردنیەوە دەخرێتە بەرکارو لـە رۆژنامـەی رەسمـی (وەقـایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی**
**مێژوو/ ٢٠٠٥/٨/١٥**

## بەیان ژمارە ( ٦ )

لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و بەڕێوەبردنی ئیش و کار.
پاڵپشت بە برگە / ٢ لە یاسای ژمارە/١٠ی ساڵی ٢٠٠٠ (یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای وەزارەتمان ژمارە/ ١٠/ی ساڵی / ١٩٩٢) بڕیارماندا بە/
١–کردنەوەی (هۆبەی کشتوکاڵی لە ناحیەی چەمانکێ)ی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای دهۆك.
٢–ئەو بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت.

**ازاد عزالدين ملاافندى**
**وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی**
**مێژوو/ ٢٠٠٥/٩/٢٧**

## بەیان ژمارە (٧)

لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و بەڕێوەبردنی ئیش و کار.
پاڵپشت بە برگە/٢ لە مادە/ ٢ لە یاسای ژمارە/ ١٠ی ساڵی ٢٠٠٠ (یاسای یەکەم هەمواركردنی یاسای وەزارەتمان ژمارە/ ١٠ ی ساڵی / ١٩٩٢).
١-بڕیارماندا بەکردنەوەی ئەو (هۆبە) کشتوکاڵیانە کە لە خوارەوە دیارمان کردوون و سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی دهۆك دەبن..
أ-هۆبەی کشتوکاڵی گردەسین لە ناحیەی گردەسێن..
ب-هۆبەی کشتوکاڵی بجیل لە ناحیەی بجیل.
ج-هۆبەی کشتوکاڵی دینارتە لەناحیەی دینارتە.
٢-ئەو بەیانە لەرۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت.

**ازاد عزالدین ملاافندی**
**وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری**

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی**
**مێژوو/ ٢٠٠٥/٩/٢٧**

## بەیان ژمارە ( ٨ )

لـەپێناو بەرژەوەنـدی گـشتی و بـەڕێوەبردنی ئـیش و کـارو پێـشکەشکردنی خزمـەتگوزاری کشتوکاڵی بەجوتیاران.

پاڵپشت بـە بڕگـە/٢ لـە مـادە/٢ لـە یاسـای سـاڵی ٢٠٠٠ (یاسـای یەکـەم هـەموارکردنی یاسـای وەزارەتمان ژمارە/ ١٠ی ساڵی/١٩٩٢) بڕیارماندا بە/

١-گۆڕینی (لقی کشتوکاڵی زاخۆ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی دهـۆك، لـە قـەزای زاخۆ بۆ (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی زاخۆ).

٢-گـۆڕینی ئـەو (هۆبـە کـشتوکاڵیانەی) کـە لـە خـوارەوە دیارمـان کـردوون کـە سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی دهۆك/ ن بۆ (لقی کشتوکاڵی).

أ-لقی کشتوکاڵی مانگێشك.
ب-لقی کشتوکاڵی سەرسەنگ.
ج-لقی کشتوکاڵی دێرەلوك.
د-لقی کشتوکاڵی کانی ماسی.
هـ-لقی کشتوکاڵی بامەڕنێ.
و-لقی کشتوکاڵی باعەدرێ.
ز-لقی کشتوکاڵی باتیفا.

٣-ئەو بەیانە لەڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت.

**ازاد عزالدین ملافندی**
**وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری**

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی**
**مێژوو/ ٢٠٠٥/١٠/٢٦**

## بەیان ژمارە (٣)

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بنیادنان لەسەر ئەو دەسەڵاتانەی پێماندراوەو بەپێی برگە (٢) لە مادەی چوارەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابوری ژمارە (١٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو بڕیارماندا بە:

کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی رێکخستنی پسوولەی خۆراك لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی لە وەزارەتمان دەبێت لە رێکەوتی ٢٠٠٤/٨/١.

**سرکیس ئاغاجان مامەندۆ**
**وەزیری دارایی و ئابوری**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**ئە نجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی شارەوانی**
**فەرمانگەی یاسایی**
**بەروار: ٢٠٠٥/١١/١٦**

## بەیان ژمارە (١)

لەبەر کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی ئەو ئاگاداریەی کە لە رۆژنامـەی (خـەبات) بڵاوکرابـووەوە لە ژمارە (١٩٣٤) لە ٢٠٠٥/١٠/٢ وە لەبەر نەبوونی هیچ سکاڵایەك یان رەخنەیەك لە هیچ لایـەنێك لە ماوەی یاسایی کە (٣٠) سی رۆژە دوای بڵاوکردنەوەی ئاگاداری سەرەوە بەپێی مـاددەی (٦) شەشەم لە یاسایی بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراوو بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧) حەوتەم لە یاسایی سەرەوە بڕیارماندا:

١–کردنەوەی شارەوانی (گۆرەتوو) لە ناحیەی گۆرەتوو کەسەر بە پارێزگـای هـەولێرەو بەپلـەی چوارەم.

٢–ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**بـارزان محسین دزەیی**
**وەزیری شارەوانی**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بسم الشعب**
**رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق**

بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وللصلاحية المخولة لنا بموجب المادة (١٠) من القانون رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ أصدرنا القرار الآتي:

**قرار رقم (١) لسنة ٢٠٠٥**

**المادة الأولى:**

إن المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق هو المرجع السياسي والدستوري للبت في المسائل المصيرية لشعب كوردستان ـ العراق وتحديد العلاقة الدستورية مع سلطات جمهورية العراق الإتحادية (الفدرالية) وإن ممثلي شعب كوردستان في الجمعية الوطنية العراقية ملزمون بالرجوع إليه في كل ما يتم طرحه من احكام ومواد عند صياغة دستور العراق الدائم التي لها صلة مباشرة او غير مباشرة بمصالح كوردستان ـ العراق.

**المادة الثانية:**

يتمسك شعب كوردستان ـ العراق بحقوقه التاريخية والمكتسب بموجب قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية والتي تعبر عن جزء من تطلعات شعب كوردستان وينبغي أن يتضمن دستور العراق الدائم ذلك منطلقاً من الأسس الآتية:

**اولاً:**

اعتراف قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية بالنظام السياسي القائم في كوردستان ـ العراق وسلطاته التشريعية والتفيذية والقضائية وصلاحياتها ومهامها بأثر رجعي منذ تأريخ تأسيسها.

**ثانيا:**

الأحكام الواردة في المادة الثامنة والخمسين من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية والمادة العاشرة من قانون تأسيس الهيئة العليا المختصة بحل منازعات الملكية العقارية الخاصة برفع الظلم الذي سببته ممارسات الأنظمة السابقة والمتمثلة بتغيير الواقع القومي والسكاني والإداري لمحافظة كركوك والمناطق الأخرى من كوردستان.

**المادة الثالثة:**

تشكل لجنة مؤقتة من أعضاء المجلس الوطني الكوردستاني لغرض متابعة تنفيذ المادة (٥٨) من قانون إدارة الدولة العراقية بشأن قضية كركوك والمناطق الأخرى من كوردستان.

**المادة الرابعة:**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.

**المادة الخامسة:**

ينشر هذا القرار في جريدة وقائع كوردستان وينفذ من تأريخ إصداره.

ئـــەرشيفى رۆژنامەی وەقايعى كـــــوردستان

**مسعود البارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان ـ العراق**

www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بسم الشعب**
**رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق**

بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وللصلاحية المخولة لنا بموجب المادة (١٠) من القانون رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ أصدرنا القرار الآتي:

## قرار رقم ( ٢ ) لسنة ٢٠٠٥

**أولاً:** تمدد دورة الانعقاد الحالية لغاية ٢٠٠٥/٧/٣١.

**ثانيا:** ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ إقراره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود البارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان ـ العراق**

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com